کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

**روونکردنەوەیەك لە خانەوادەی شەهید جەمیل رەنجبەرەوە...**

ماوەیەکە چەند کەسێك بە ناوەکانی هەلگورد ، باوکی شاهۆ...هتد, ناوی ئێمەو خانەوادەکەمانیان کردووە بە بەشێك لە بابەتێك (فیلەتەنەکەی کاك ئەرسەلان.....).ئێمە پێمان وایە ئەم بەڕێزانە لەم برگەیەی بابەتەکەیان زیاتر مەبەستیان دۆزینەوەی برِو بیانووی بێ بنەمایە بۆ رەخنەگرتن لەو لێپرسراوانە کە یەکێکیان خوالێخۆشبوو کاك جەبار فەرمانە.کەوا لە گروپی سجن بووەو یەکێك بووە لە رەفیقە زۆر نزیکەکانی شەهید جەمیل رەنجبەر, کاك ئەرسەلان بایزیش بە هەمان شێوە.

ئەو بەناو نووسەرە بەڕێزانە دیارە نازانن شەرمەزارییە گەر بێ پرسی خاوەنەکەی بابەتێکی خێزانی بهێننە سەر پەڕەکانی انترنیت و وەکو بابەتێکی سیاسی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن. ترسنۆکانەش هێرش دەکەنە سەر سەرکردەیەك  وەکو هەفاڵ جەبار فەرمان کە لە ژیاندا نەماوە.

لە نووسینەکاندا وا پیشان دەدەن کەوا زۆر نزیکی خانەوادەکەمانن, کەچی ئێمە نازانین کێن و چۆن مافیان بەخۆیان داوە دەستێوەردان لە کاروباری خێزانیمان بدەن, گەر بەنووسینیش بێت.

دەمانەوێ روونیبکینەوە کەوا ئێمە لە نێو خۆماندا زۆر تەباین و لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کێشەو گرفتمان نییە, زۆربەیان هاوەڵ و رەفیقەکانی شەهید جەمیل رەنجبەرن و رێزو حورمەتی ئێمەش وەکو خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکانی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگرن. بۆ ئێمە ئەوە بەسە کە کەسوکارو نەوەی سەرکردەیەکی مەزن بین کە ناوی (جەمیل رەنجبەرە).

داواکارین لە کێشەو گیروگرفتەکانی خۆتاندا لەگەڵ هەر بەرپرسێك ئێمە مەکەن بە بابەت و ئەم روونکردنەوەیەش کۆتایی بێت. هەر شتێکیشتان هەبوو دەتوانن پەیوەندی بەخۆمانەوە بکەن.